ئەم ئایەتە دابەزی: {لَّا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِيٓ أَيْمَـٰنِكُمْ}، سەبارەت بەوەی کەسێک دەڵێت: نەخێر واللە، بەڵێ واللە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «ئەم ئایەتە دابەزی: {لَّا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِيٓ أَيْمَـٰنِكُمْ} [البقرة:255] واتە: {خودا سوێندی بێ هووده (لەدەم دەرچوون)تان لێ ناگرێت بەڵام سوێندێکتان لێدەگرێت بە دڵ بتانەوێت ومەبەستتان بێت}، سەبارەت بەوەی کەسێک دەڵێت: نەخێر واللە، بەڵێ واللە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

خوای گەورە دەفەرموێت: {لَّا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِيٓ أَيْمَـٰنِكُمْ} [البقرة:255] واتە: {خودا سوێندی بێ هووده (لەدەم دەرچوون)تان لێ ناگرێت بەڵام سوێندێکتان لێدەگرێت بە دڵ بتانەوێت ومەبەستتان بێت}، عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- سوێندی بێ هووده (یمین اللغو)ی بەم شێوەیە ڕاڤە کردووە: ئەوەیە دێتە سەر زمانی خەڵکی، کاتێک دەڵێن: نەخێر واللە، وبەڵێ واللە، وئەوەی دێتە سەر زمان ومرۆڤ لە دڵەوە مەبەستی نییە، وهەروەها لە سوێندی بێ هووده (یمین اللغو)ە کە لەم ئایەتەدا مەبەستە بریتیە لە سوێند خواردنی مرۆڤ لەسەر شتێک لە ڕابردوو بووە پێی وابووە بەو شێوەیە کە ئەو وتوویەتی، بەڵام ڕوون بووەوە کە پێچەوانەی گومانەکەی ئەو ڕاستە. هەروەها سوێند خواردنێک کە گومانی وایە ڕاستگۆیە لە نەفسی خۆیدا، بەڵام پێچەوانەکەی دەرکەوت، ئەوا ئەمە سوێند خواردنێکی گرێنەدراوە -غیر منعقد-ە، وکەفارەتی ئەم سوێندە نادرێت چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: {لَّا يُؤَاخِذُكُمُ ٱللَّهُ بِٱللَّغْوِ فِيٓ أَيْمَـٰنِكُمْ} [البقرة:255] واتە: {خودا سوێندی بێ هووده (لەدەم دەرچوون)تان لێ ناگرێت بەڵام سوێندێکتان لێدەگرێت بە دڵ بتانەوێت ومەبەستتان بێت}، واتا: خوای گەورە سزاتان نادات بەهۆی ئەم جۆرە سوێندەوە، وهیچ کەفارەتێک لەسەرتان نییە بەهۆی ئەو جۆرە سوێندە بێ هوودانەوە کە ئەوەی سوێند دەخوات لە دڵەوە مەبەستی نییە. وهەروەها ئەگەر کەسێک سوێند بخوات وگومانی وابێت کەسێک کردەوەیەک دەکات وڕاستگۆیە؛ بەڵام ئەو کردەوەی نەکرد، ئەمیش هەر سوێندی بێ هوودەیە، وباشترین ڕاڤە بۆ ئەم ئایەتە ڕاڤە ونمونە هێنانەوەی عائیشەیە -ڕەزای خوای لێبێت- ؛ چونکە ئەو لە کاتی دابەزینی وەحی لە ژیاندا بووە؛ وهەروەها زمانی عەرەب دەزانێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64672